خزمەتی پێشمەرگە
بە گەل و پشتیوانی
گەل بۆ پێشمەرگە
گەورەترین دەستەبەری
سەرکەوتنمانە .

دەنگی
پێشمەرگە

هێزی پێشمەرگە
قەڵغانە بۆ
پاراستنی بون و
مافی نەتەوایەتی
کورد .

لیژنەی ئاراستەو [illegible]

ژمارە ١٥ — ئەیلول — ١٩٦٨

شۆڕشی ٧ ساڵەمان

پاش حەوت ساڵ لە دەست پێ کردنی شۆڕشی ١١ ئەیلولی پیرۆز ، ئەگەر ئاوڕێك بدەینەوە دەبینین کە بەڕاستی میللەتەکەمان لەم ماوەیەدا نەك هەر [illegible] ڕانەنەواندوە بۆ [illegible] دوژمن بەڵکو [illegible] پیشان داوە کە بەخوێنی [illegible] و بەخۆبەخت کردنی [illegible] کە لەکەمان بنوسێت لە پڕ شانازی ترین لاپەڕەکانی [illegible] ئەیلولی پیرۆز تەنها جولانەوەیەکی [illegible] زروفی ئەوسەردەمە بەپاندی چونکە [illegible] بەتینی نەتەوایەتی بڵاو بوبوەوە بەهۆی سیاسەتی رەگەز پەرستی و دژ بە دیموکراتی رژێمی بەغداو هەروەها بەهۆی ئەوەی کە هەمو ئەو مافە کەمانەی دانیان پێ دانرابو بو میللەتی کورد نەهێڵران و

رژێم [illegible] چەوساندنەوەیەکی دڕندانەی نەتە-وەکەمان [illegible] هەمو جۆرێك و چاکترین رۆڵەو [illegible] خستنەکانیان خستنە ژێر رەحمەتی ئاگرو ئاسنەوە [illegible] بەرامبەر ئەم زروفەو لەبەر ئەوەی گەلە-کەمان ناچاری بەربەرەکانی دوژمن کرا پاڵەوانانە دەستی دایە چەك و بە هەمو جۆرێك کەوتە بەرگری لە [illegible] و مافی نەتەوایەتی و [illegible] بەرابەرایەتی کاك مستەفا بارزانی هۆشیارانە [illegible] سەرکردایەتی شۆڕشەکەی گرتە ئەستو وەکەوتە رێکخستن و ئاراستەکردنی بۆ ئەوەی شێوەیەکی رێکوپێك وەربگرێت وەهەروەها لەرووی سیاسیەوە ئاوەرۆکێکی روشن و دەوڵەمەندی بۆ پەیدا ببێت ، هەر لە یەکەم رۆژی دەست پێ کردنی شۆڕشەوە رۆڵەکانی قارەمانی کورد لە هەمو کونجێکی کوردستانەوە لەخانەقین هەتا زاخۆ پۆل پۆل هاتونەتە رێزی شۆڕشەوەو بونەتە پێشمەرگەی

بڕوانە لاپەڕە ١٢

جەژنی ئازادی

هەر لە هەندرێن تا پشتی قۆپی — دوژمن بە بۆمبای ناپاڵم و تۆپی
حەوت ساڵە جێگا تەخت ئەکا بۆکورد — جەژنی ئازادی بگرێ سەرچۆپی

وتاری مەکتەبی سیاسی

کە بەبونەی ئاهەنگی تیپەڕ بونی ٢٢ ساڵ بەسەردامەزرانی پارتی دیموکراتی کوردستانا، هەڤاڵی تیکوشەر دوکتور مەحمود خویندیەوە :

میوانە خوشەو یستەکان، خوشکو برایانی بەڕیز :

بەبونەی هاتنو کوبونەوەتان بو ئەم ئاهەنگەی کە لە بیرەوەری تیپەڕ بونی بیستو دوو ساڵ بەسەر دامەزرا ندنی پارتیە تیکوشەرە کەماندا ئەگیرێت بەناوی سەروك بارزانی ومەکتەبی سیاسی ومەکتەبی تنفیذی ئەنجومەنی سەر کردایەتی شورشەوە گەرمترین بەخیرهاتنتان لی ئەکەین.

ئیمرو ڕوژیکی زور گرنگو پیروزە لە میژووی نەتەوەی کوردماندا چونکە لەم ڕوژەدا [illegible] پر سەاوانی جولانەوەکانی نەتەوایەتی کوردستانی عیراقو تاقمە سەربەخوکان یان سەربە پارتیە کونەکان لە کونگرەی دامەزرینەری پارتی دیموکراتی کورد کو بونەوەو لەدایك بونی پارتیمانیان ئاشکرا کرد دروست کردنی پارتی پیویستیەکی میژوویی بو کە ئامانجەکانی گەلی کوردو زروفی گوڕراوی ئەو سەردەمە سەپاندیان چونکەپاش شەڕی جیهانی دووهەمولەناوبردنی نازیەتو فاشیەتو بلاو بونەوەی بیروباوەڕی دیموکراتیو دژ بە ئیمپریالیزم، پارتو کومەلە نیشتمانیەوەرەکانی کوردستانو ڕەهبەرانی جولانەوەی نەتەوایەتی کوردیش لەبەر ڕوشنایی زروفی تازەو لەبەر ئەوەی زوربەی جولانەوە نیشتمانیە-کانی پیشوی گەلەکەمان بەهوی نەبونی یەکیەتی گشتی گەلو ریکخستنی پیشکەوتوانە نەگەیشتبون بە ئامانجە-کانیان ، بە پیویستیان زانی کە دەست لە پارچەپارچەیی بەربدەنو یەکبگرن لەڕیزی یەك ریکخستنداو کوبینەوە لە دەوری بیروباوەڕی نەتەوایەتی پیشکەوتوانە بو پیشڕەویو ئاراستە کردنی خەباتی سەختی گەلە قارە-مانەکەمان بو وەدەست هینانی مافە ڕەواکانی خوی ، بەم جورە پارتی ڕزگاری کوردو بەشیك لەپارتی کومونیستی کوردستانی عیراق کە ناسرابون بەجەماعەتی شورشو هیندیك لەپاشماوەی پارتی هیواو هیندیك لە کورد پەروەرە ناسراوەکان یەکیان گرت بو دامەزرا-ندنی پارتیمان لە ١٦ آب ١٩٤٦ لە سەر بناغەیەکی دیموکراتیپیشکەوتوانەوە لەچوارچیوەیەکی بیروباوەڕی نەتەوایەتیدا ، لەساڵی ١٩٤٧ لقی حزبی دیموکراتی کوردستان کە بە ژ . ك ناسرابو لە سلیمانی هاتە ڕیزی پارتیمانەوە .

کەواتە خوشکو برایانی بەڕیز

پارتیمان بەهەمی ئارەزوی چەند کەسیك یان تاقمیك نەبوە بەلکو پیویستیەکی میژووییو نەتەوایەتی بوە کە ئامانجەکانی گەلەکەمانو یەکیەتی جولانەوەی نیشتمانیی سەپاندویانە . پارتی دیموکراتی کوردستانی عیراق لەسەرەتای دامەزراندنیەوە ئالای خەباتی نەتەوایەتی کومەلانی خەلکی کوردستان لەجوتیارو کریکارو قوتابیو ڕوشنبیرو کاسبکارو هەمو چینە نیشتمانیەکانی هەلگرتوەو بی دریغی کردن هەولو تەقەللای داوەو خەباتی کردوە بو کو کردنەوەی کومەلانی خەلکی کوردستان بە کوردو ئاسوریو ترکمانو کەمایەتیەکانی ترەوە لەژیر ئالاو دروشمەکانیدا .

پارتیە نەبەزەکەمان هەر لە بەرەتای دامەزراند-نیەوە ڕەچاوی بیروباوەڕی نەتەوایەتی ڕاستەو دیموکرا-تیانەی کردوەو هەمیشە هەولیداوە کە بیروبلاوەری کوردایەتی لەنیو ڕیزەکانی کومەلانی خەلکی کوردستا-ندا بلاو بکاتەوەو بچەسپینیت بینەك هەر ئەمە بەلکو هەمیشە دژی رەگەز پەرستی بوەو بەهیز کردنی بیرو-باوەڕی برایەتیو دوستایەتی میانی گەلی کوردو عەرەبو هەمو گەلانی دورو نزیکی جیهانو پالپشتی کردن لە ئاشتیو هەمو جورە جولانەوەیەکی نیشتمان پەروەریو ئازادیخواز لە سەرانسەری دنیا دا یەکیك بوە لەبناغە قایمەکانی سەرەتاکانی کە هەردەم لە کردەوەو نوسینەکا-نماندا دووبارە کراوەتەوە . لەناوەوەی پارتیش هەمیشە بەهیز کردنی یەکیەتی بیروباوەڕو ریکخستنو هاوکاریو بەهیزکرانی دیسپلین لەناوریزەکانیداو پاراستنوپالپشتی مافی ڕەخنەو ڕەخنە لەخوگرتنو دیموکراتیەت لە سنوری بەرژەوەندی پارتیو پاراستنی ناوەندیەت دروشمیکی بنچینەی بوە کە بەپیی توانا پەیرەوی کراوە ، واتە هەرگیز ماوە نەدراوە کە بەرەڵلایی بلاو بیبتەوەیان لەژیر پەردەی بەهیزکردنی ناوەندیەتدا دیکتاتوریەت بچەسپیتو سەرکردایەتی پشت بکاتە بنکەکانو ئەندامانی پارتی ، بەپیچەوانە بەشانازیەوە ئەلین کە تائیستا لەتە-مەنی کورتی بیستو دوو ساڵەیدا ، لەگەل ئەوەی کە زوربەی زوری کات چالاکی نهینی بوەو دوژمن

بەربەرەکانی کردوە حەوت کونگرە بەستراون کە نوینەرانی هەمو ئەندامانی حزب تییدا بەشدار بون، واتە ناوەندیەتی دیموکراتی کەجلەو لە بەرەللایی و دیکتاتوریەت دەگرێت پەیرەوی کراوەو بەهوی ئەمەو بەهوی هوشیاری و ئاگاداری قواعدی پارتی هەمو ئەو هەولو تەقەللایەی کەبو گەلەکومەکی لەریزی حزبدا یان بو لیکدانی پارتی جە لەلایەن ئەو تاقمانەی کە بە جیا بونەوە ویستویانە پارتی کەل بکەن وەکو لەسالی ٩٥٠ وەیان خویان سەپاندوە بەسەر سەرکردایەتیداو هەولی لاوازی و لەریگە لادانیان داوە وەکو لەسالی ١٩٥٩ ، وەهەروەها سالی ١٩٦٤ لەلایەن تاقمەکەی تالەبانی خائنەوە بەربەرەکانی کراون بەتوندی و لەسەر بەردی یەکیەتی بیروباوەرو ئارەزوی پارتایەتی و پتەوی ریکخستن وورد و خاش بون ، پارتیمان یەکگرتوترو پتەوتر هاتوتەوە کوردی خەباتەوە .

خوشکو برایانی بەریز ، هاوولاتیە خوشەویستەکان :

جگە لە تەنگوچەلەمەو گیروگرفتی ناوەوەی پارتی دوژمنانی کوردو کوردستان و هەمو تاقمە نوکەرو چلکاو خورەکانیان هەمیشە بەربەرەکانیان کردوەو بەهەمو جوریك، چونکە پارتی تەوەرەی جولانەوەی کورد بوەو هەردەم پیشرەوی کردنی ئەم جولانەوەیەی گرتوتە ئەستوی لەهەمو زروفیکدا، بەلام نەك هەر دوژمن بەسەریدا زال نەبوە بەلکو هەمیشە دسوا بوەو نەیتوانیوە کار بکاتە بروای بەتینی ئەندامو لایەنگرەکانمان کە صەدانیان زیندانی کراون و هەمیشە دەربەدەر بون و زوری تریش لەژیر ئەشکەنجەو گوللەباران و سیدارەی دوژمندا گیانی پاکیان سپاردوە وەك شەهیدان عمرشریف و مأمون دباغ و صدیق أمین و ملارسول و عبدالرحمن عبدالکریم و صەدانی تر کە لەسەرە مەرگیشدا ناوی کوردو کوردستانیان لە سەر لیو بوە ، بەکورتی ئەتوانین بلین و صەدان روداو شایەدمانە کە بە سەروکایەتی کاك مصطفی بارزانی پارتی دیموکراتی کوردستان ، بەخەباتی سەختی هەمیشەیی و هەلگرتنی دروشمی راستی گونجاو لەگەل ئامانج و زروفی گەلەکەمان دەری خستوە کە پیشرەوی جولانەوەی شورشگیری کوردستانی خستوتە ئەستوی و بەردەوام ئەبێت لەسەر بەجی هینانی ئەم فرماندە گرنگە کە میژووی خویناویمان لەم قوناغەدا پیی سپاردوە . پارتی دیموکراتی کوردستان هەمیشە لە جولانەوەی نیشتمانی عیراقدا بەشدار بوە چونکە بروای بەیەکیەتی نیشتمانی راست هەیە، هەر لەبەر ئەمەش ئەبینین کەلەهەمودا پەرینو جولانەوە نیشتمانپەروەریەکانی گەلی عیراق لە حکمی پادشاییدا بەشداری کردوەو قوربانی داوە هەروەها لەریزەکانی پیشەوە بوە بو پالپشتی شورشی ١٤ تموزی ١٩٥٨ و پاراستنی کوماری عیراق کەپاش شورش دامەزراو پارمەتی دان لە جیبەجی کردنی مادەی ٣ دەستوری کاتی قاسم کە دانی نابو بە هیندیك لە مافەکانی گەلی کورداو بەرهەمیك بو لە خەبات و کوششمان لەو سەردەمەدا ، هەروەها پارتی هەولیداوە بو دارشتنی یەکیەتیەکی نیشتمانی پتەوو بو بەهیز کردنی پەیوەندی لەمیانی کومەلانی خەلکی عیراق بەگشتی بە کوردو عەرەبو ئاسوری و تورکمان و هەمو کەمایەتیەکانی تر بە جوریك کە بەرژەوەندی عیراق و مافی هەمویان لەسەر بناغەی دادپەروەری و یەکسانی بپاریزریت لەبەر ئەمەش ئەبینین کە پارتیمان نەك هەروەکو هیزیکی کوردی بەلکو وەکو هیزیکی سیاسی گرنگ لەعیراقدا کە ئەتوانیت دەور ببینیت ناسراوە ، ئیمە نەك هەر بروامان بەخەباتی شانبەشانی هیزە نیشتمانی و دیموکراتیەکانی هەمو وولات بوە بەلکو ویستومانە هەمیشە ئەمە بەکردەوە بینینەدی لەچوارچیوەی بەرەیەکی نیشتمانی یەکگرتودا کە تی بکوشیت بو هینانەدی ئامانجەکانی هەمو گەلی عیراق . ئیستاش لەگەل ئەو هەمو تەنگو چەلەمەو کوسپەی هاتوتە ریگای جیبەجی کردنی ئەم مەبەستە زیاتر لەجاران بروامان پیی هیە چونکە ئەزانین بەردی بناغەیە بو پرد کردنەوەی بەتالی سیاسی و چەسپاندنی رژیمیکی نیشتمانی لە عیراقدا .

خوشکوبرایانی بەریز ،هاونیشتمانیەخوشەویستەکان

پەیرەوی کردنی بیروباوەری شورشگیری هەمیشە یەکیك بوە لە سەرەتاکانی پارتیە تیکوشەرەکەمان هەر لەبەر ئەمەش لەیەکەم روژی هەلگیرساندنی شورشی ئەیلولی پیروزەوە فرمانی بنچینەیی ئاراستە کردنی گرتوتە ئەستوو بەدابەری و سەروکایەتی بارزانی خەباتی بی ووچانی کردوە بو ریکخستن و بەهیز کردنی ریزەکانی شورش و هەول دان بو چەسپاندنی لە ناوەوەو دەرەوەی وولات و فراوان و پتەو کردنی هیزی پیشمەرگەی قارەمان کە قەلغانی پاراستنی بونو مافەکانمانن بی گومان خەباتی پارتی لەکاتی شەرشدا زور سەختتر لەسالانی پیش شورش چونکە ئەرکیکی [redacted] زور گەورە جگە لەتیکوشانی سیاسی ئەکەویتە سەر شانی ، لەبەر [redacted] هەستانی بەشیوەیەکی بنچینەیی بە سەرکردایەتی شورش و زیاد بون و فراوان کردنی پەیوەندی لەناوەو دەرەوەی

عیراق بەپێی زروفی تازەو پێویستیەکانی، لەگەڵ ئەمەشو لەگەڵ ئەوەی کە تاقمەکەی جەلالو برایم کە جیا بونەوە لەپارتیو شورش ، ویستیان بەیارمەتی دوژمن ریزەکانی تێك بدەن پارتیەکەمان توانیویەتی تارادەیەکی زور ریکخستن و بیروباوەری کوردایەتی راست لە ریزەکانی شورشدا بچەسپێنێت ، نەك هەر ئەمە بەڵکو لە ساڵانی دوایدا هەوڵی داوە کەپروژە دابنێت بەهاوکاری لەگەڵ هەمو برایانی ئەنجومەنی سەرکردایەتی شورش بو چەسپاندنی دەسگای دادپەروەریو دەست پێ کردنی هێندێك چاك کردنی کومەڵایەتیو ئابوری لە کوردستانی رزگار کراودا بو چارەسەر کردنی کیشەکانی میللەتو ناتەواویەکانی شورشمان وەکو کردنەوەی قوتابخانەو جیگای بەربەرەکانی نەخویندەواری ، لەم روەشەوە ئەگەرچی بەفراوانی کار نەکراوە بەڵام دەست پێ کراوەو هەنگاویکە بو پەرە پێ دانی ئەم خزمەتە پیروزە ، هەروەها کردنەوەی نەخوشخانە لەناوچەی جیزەکانو ریکخستنی جهازی لەشساغی شورش بەشیوەیەك کە تارادەیەکی زور توانیویەتی خزمەتی خوی بەمیللەت زیاد بکاتو بەربەرەکانیو چارەی نەخوشی بکات ، زیاد لەمانە هیندیك کیشەی زەویوزار حەل کراوە هەمیشە بەپێی بەرژەوەندی خاوەن زەویو جوتیارەکانو بە جوریك کە دادی کومەڵایەتی رەچاو کراوە . هەروەها بەم زوانە یاسای پاراستنی خیزان دەر ئەچێت کە لەم روەشەوە هەتا رادەیەکی زور مافی ئافرەتانی کوردستان ئەپارێزێت . کیشە زور ماوەو دریغی ناکەین بەپێی تواناو زروفمان بو چارەسەر کردنیان .

خوشکو برایانی بەرێز :

لەم کاتەدا کە میللەتەکەمان بەزروفیکی ناسکدا تێ ئەپەرێتو دوژمنان لەهەمو لایەك هەرەشەلەبونمان ئەکەن زیاتر لە هەمو کاتیك هەمو دانیشتوانی بەشەرەفی کوردستان چ ئەندامانی پارتیو چ پیشمەرگە قارەمانەکانو رولەکانی تری کوردستان بە ژنو پیاو پیرو گەنج لەشارانو لەلادیکان پێویستیان بە یەکگرتن وەخەبات کردن هەیە بو ئەوەی نەك تەنها بتوانین میللەتەکەمانو تەواوەی نەتەوایەتی کە بەخوینی شەهیدەکانمانو هەمو خوبەخت کردنی تری گەلەکەمان دامەزراوە بپارێزین بەڵکو هەنگاو بنین بو چەسپاندنی شورشو بەهیز کردنی ریکخستنو بیروباوەری راست لە ریزەکانیدا بەشیوەیەك کە بتوانیت هەنگاو بنێت بو گەیشتن بە ئامانجەکانی گەلەکەمانو چەسپاندنی مافەکانمان لەناوەو دەرەوەی وولات ، ئەبێ ئەوەشمان لەبیر نەچێت کە شورشمان پێویستی بەئیش کردن هەیە بوئەوەی کە کەموکوردیو ناتەواویەکانی چارەسەر بکرێتو پالپشتی لەهەمو رویەکەوە پەیدابکات ، ئیش کردنیش فرمانی سەرشانی هەمو کوردیکە کە خوی بەنیشتمانپەروەر دابنێتو لەهەر شوینیك بێت واتە دوورەپەریزیو وازهینان لە شورش یا سارد بونەوە لە ئیش کردن لە ریزەکانیدا بە بیانوی کە گوایا تیکەڵاوی سیاسەت نابن لەگەڵ نیشتمانپەروەریدا یەکناگرنەوەو تەنها بە زەرەری میللەتەکەمان تەواو ئەبێت چونکە شورش جگە لەوەی کە جولانەوەیەکی سیاسی نەتەوەکەمانە شەرری ژیانو مردنەو دوژمن سەپاندویەتی بەسەرماندا .

بەڵام ئەوانەی کە کەوتونەتە بەربەرەکانی شورشو لەژێر پەردەی دروی کوردایەتیاندا ئەیانەوێت خویان بشارنەوە بیانەوێت یا نەیانەوێت خزمەتی دوژمنەکەنو پاچی دەستیانن بو روخاندنی کیانی میللەتی خویان ئەو کیانەی کە چەسپاوەو ئیمرو چقلی چاوی هەمودوژمنانی نەتەوەکەمانە .

خوشکو برایانی بەرێز :

پێویستە لە سەرمان کە بەرژەوەندی تایبەتی بخەینە لاوەو بە کیانیکی خۆنەویستو خەبات کردن هەمومان ، هەمو خەلکی کوردستان تێبکوشینو بروین لەسەر ئەو ریگەیەی کە خوینی شەهیدە قارەمانەکانمان روناکیان کردوتەوە بو گەیشتن بە ئامانجەکانمان ، هەروەها ئیمە بەم بونەیەوە داوا لەو هەمو برا کوردانە ئەکەین کە سارد بونەتەوە یا دوورەپەرێز وەستاون یا هەلخەلەتاون بە پروپاگاندەی دوژمن کەبابگەرینەوە ریزی شورش یا هاوکاری بکەن بەهەر شیوەیەك کە ئەتوانن بو پر کردنەوەی ناتەواویەکانی . سەرکەوتنی شورش سەربەرزیو کامەرانیە بو هەمو کوردستان نەك بو یەکیك یان تاقمیکی تایبەتی . پارتیمان بەم بونەیەوە پەیمان تازە دەکاتەوە بو ئیوەی بەرێز بو هەمو برا پیشمەرگە قارەمانەکان بو هەمو رولەکانی گەلی کورد کە هەوڵ بدات زیاتر کەموکوردیەکانی چارەسەر بکاتو ریزەکانی ریك بخاتو ئاستی هوشیاری کادرەکانی بەرز بکاتەوە بەشیوەیەك کە بتوانن فرمانی سەرشانیان کە خزمەتی شورشو میللەتەکەمانە زیاتر جیبەجی بکەن ، هەروەها پەیمان ئەدات کە بەردەوام بێت لەسەر خەباتی شورشگیرانەی خۆی لەناوەوەو دەرەوەی وولاتو بێ دریغی کردن تێبکوشێت بەهاوکاری لەگەڵ هەمو

بروانە لاپەرە ١٢

لە یادی شەشی ئەیلولی خوێناویدا

شەشی ئەیلول کە بەشەشی رەشی ئەیلول ناسراوە رۆژێکی زۆر پیرۆزو پرمانایە لە مێژووی نەتەوەی کوردماندا نەك تەنها لە کوردستانی عیراق بەڵکو لەهەمو گوشەوکەناری کوردستاندا، چونکە ئەم بیرەوەریە نەك هەر یادی نارەزایی میللەتەکەمان بەرامبەر چەوساندنەوەی لەلایەن دوژمنانەوە دەرـ ئەبڕێت بەڵکو نیشانەی بەربەرەکانیو خەباتێکی قارەمانانەی خوێناوی رۆلەکانی کوردستانی بەشەرەفە کە لەسالی ١٩٣٠ لە شاری سلیمانی دا روویدا .

ئیمپریالزمی ئنگلیزیو دەستو پێوەندە عیراـ قیەکانی ویستیان گوایا جورە شەرعیەتێك بدەن بە رژیمە داتاشراوەکەی عیراقو ئەویەکیەتیە عیراقیەی کە لەبەر خاتری پترۆل بەدەستی ئنگلیزەکانەوە بچەسپێنن ..

گەلی کوردستانی قارەمانیش کە لە دامەزراندنی عیراقدا رەئیی وەرنەگیرابوو سەپابو بەسەریاو لە هیچ کاتێکدا رژیمی ناوەندی (مرکزیە) ویان ئنگلیزەکان پەیمانەکانی خویانو بریارەکانی تریان بەرامبەر بە کورد جێ بەجێ نەکردبوو دانیان نەنابو بە مافە نەتەوایەتیەکانیدا ؛ هەمیشە هەستی نەتەواـ یەتی بەرزبوو جولانەوەی بەردەوام بو بوگەیشتن بە مافەکانی خوی چ بەشێوەی مانگرتن چ بەخو پیشاـ ندان، چ لە جولانەوە چەکدارو شۆرشگێریەکانی شێخ محمودی نەمردا کە هەموی بەدرندانەترین شێوەئەکوژێنرانەوە .

شەرری بەردەرکی سەرایش کە لە رۆژی شەشی ئەیلول لە شاری سلیمانی لەلایەن هەزاران رۆلەی قارەمانی کوردەوە بەشێوەی خوپیشاندانێکی گەورە دژی هەلبژاردنە داتاشراوەکەی رژیمی بەغداو داگیرکەرەکان بەرپابو ئەلقەیەکی گرنگ بو لەو راپەرینانە .

هێزی داگیرکەرو چلکاو خورەکانیان لەباتی گوێ دانە رەئی میللەتو هەولدان بو چارە سەر کردنی کێشەکە بەشێوەیەك کە لەگەل مافی نەتەوەـ کەمانو گەلی عیراقدا بگونجێت ، بەگوللە باران وەلامی میللەتەکەمانیان دایەوەو دەیان رۆلەی قارەـ مانی وەك عەولەسیسو هاوریکانی شەهیدکران وەسەدانیش بریندارو زیندانی کران .

بەلام گولەبارانی دوژمن گیانی نەتەوایەتی سستو لاواز نەکرد بەلکو بە پێچەوانە ئەنجامی ئەم هێرشە درندانەیە پەرەسەندنی بو بەشێوەیەك کە زۆربەی کوردستانی گرتەوەو جولانەوەیەکی چەکداری شۆرشگێری بەسەروکایەتی شێخ محمودی نەمر بەرپابو کە دوژمن بەهەمو جورێك بەئاگرو ئاسن کوژاندیەوە .

لەم رۆژەدا کە بەشانازی یەوە یادی ئەم جولانەوە پیروزە ئەکەینەوەو شورشەکەمان گەیشتوتە رادەی دروست کردنی هیوایەکی گەورە بو میللەتەکەمان پێویستە لە سەرمان کە هەموماـ ن بکرا نی بکوشین بو ئەوەی نەك تەنها بتوانین قەوارەی نەتەوایەتیمان بپارێزین بەلکو میللەتەکەـ مان بگەیەنین بە دوا رۆژێکی بەختەوەرو شاد بەرابەرایەتی پارتیمانو سەرۆکی بارزانی مستەفا ، ئەمەش چاکترین چەپکە گولە کەپێشکەش بەگیانی پاکی شەهیدە قارەمانەکانی ٦ ئەیلول بکرێت .

تیتل‌و بیبل

نەقلی مـام گورگ‌و خولە قـورنـانی
نەنك‌و باپـیرەکان دەیـانزانی
خواردنی تیتل‌و بیبـل‌و - بزنوکـە
باسـی خومان‌و کەونـە نچیروکە

○ ○ ○ ○ ○

رەنجبەری عارەبم لە مێژ سـالە
بەسـەری قروت‌و لاقی بی‌کالـە
دوازدە مانگە چ خوم چ منـدالم
بوی ئەچەوسـیمەوەو ژیان تـالم !
خاکەکەم زور بە پیت‌و دەسـکەوتە
دەغلە ، ئاژالە ، توتنـە ، نەوتـە
چەندبەری لسیرەوارو چەندمیـوە
بەرەکەت لـەم ولاتـە باریـوە
سـەروبەریم / رەنبودەنی سـالی
گەسـك‌و قامچی ئەهینێ ، ئەیمالی ! ؟

○ ○ ○ ○ ○

خاکی خوی وردە رەمل‌و خورمایـە
ئارەقـەی رەش دەکا لە گەرمایـە
کوشك‌و پانکەی کری بە پارەی‌من
هیشتە هەرلای کریتـە چارەی‌من
قەندەهاریم . کرایەنان بـو ئـەو
خوریەکەم بوو بەقاتی جوان بوئەو
دەلی : رانکت شـرولە مەمبینـە
پرلە ئەسپێ‌یە جملکی پرپینـە
رای ئەبویرم منیش بە کەشـك‌و بەرو
نیعمەتی خوایە چش لە برش‌و کـەرو
ئەچمە شـار بارەداری بفروشـم
لەشی روتم بە جـاوی داپوشـم
شورتەیە ، عەسکەرە . نەهەشت‌و نەنو
هـەر کەسەی رام‌ئەکیشی بولای‌خو
عەسـکەری‌و باج‌و دونم‌و خـاوە
حاکمیش جـاری کـاری پیم‌ماوە
دەمدویـنن بە بازمـال‌و ولـەك
باسی ناکری بەشم لە حەپس‌و کوتـەك
هیشـتە بی‌ناشـکوریم‌و نا نـالم
حـەول ئەدەم بـو بژیوی مندالم
کەچی سـەرباری ئەم هەمو دەردە
ئاوەناتـاوی پیم‌دەلی جـەردە
بو کەمت‌پی‌یە ؟ بو درەنگ هاتی ؟
بوژیـان نـابی زور کزولاتی ! !
جولەکەی دوهەمی‌و بەلای سـیهەم
دەتکوژم . ناشـلی‌پیم کەمن کیهەم
کە ئەبینی لەتـان‌و پـو کەوتووم
داتی چیرن لە خـواردنی بیچـوم
تیتل‌و بیبلی دەوین‌و فیـسل بازە
کۆن دەچی ، دیتەجێی یەکی تازە !
یەکی شـینەو دەلی ئەمن پاشـام
کوری پیغەمبـەرو نزیـکی خـودام
یەکی تردیت کە شـینە نـامێنێ
گوشتەکەم خوشە بوم دەلورێنێ :
أنـی‌و اننـام‌و سـور بـۆزم
خیوی بـەزی تەمـوزی پـیروزم

←

«پیشمەرگەم بو کوردستان»

لە شعری ـ مەلا گچکە

پیشمەرگەم بو کوردستان   لەگەرمیانم هەتا کویستان
ریگانەگرم بەبێ ویستان   شان بەشانی براو دوستان
شیعارمانە بە دلوگیان
یا کوردستان وەیانەمان

بەدوای ئوتومبیل رامبکیشن   دانم یەلکیەکە هەلکیشن
تال تال سمیلم دەرکیشن   بەبێ ئەجەل گیان بکیشن
شیعارمانە بە دلوگیان
یا کوردستان وەیانەمان

سەراونخون هەلوابسن   داخم کەن بە ئاگرو ئاسن
بوینان ئەبمە پولاو ئاسن   هیچ نالیم ئوف بابمناسن
شیعارمانە بە داوگیان
یا کوردستان وەیانەمان

شورشمان هەر ئەرواتە ری   هەزاران کوسپەی بیتەری
ئەوەی ئەلی سەرناگری   پاوەکوسەگێ هەر بوەری
شیعارمانە بە دلوگیان
یا کوردستان وەیانەمان

ئەودەچیو گورگی زەردو ئەبلەق دین   بەچکە عارف لەشوێنی عەفلەق دین
رەوەگورگن ئەوی دەرونو دین   خۆدەگۆرن هەتا نەزانین کێین ؟ !
هەرچی هات پێم دەلی ئەمن چاکم   لەوەرم پێیسە بمۆتو شیرپاکم
هیندەماوم هەتا لەپشت چەپەرام   دەرکی لی دانە خەمم بزانە خورام
گشتی هەرگورگە سورەیان بورە   هەرچی بۆی هەلکەوی هەژارخۆرە

گۆشەی شەهیدان

ئەمجارە یەکێك لە شەهیدە قارەمانەکانی شۆرشە سەرکەوتوەکەمانتان پێشکەش دەکەین، کە ئازایەتیو هەلمەت بردنی بەجۆرێك دەنگی دابۆوە لەسەرانسەری کوردستاندا ببوە ویردی سەر زووبانی دۆستو دوژمن لەهەر جەبهەیەکدا بوەستایە بەرامبەر بە دوژمن ناوەکەی بەس بۆتۆقاندنوهەناو بەردانەوەیان، ئەو رۆلە نەبەردەی کورد شەهید کاك محمود کاوانی یە:

شەهید محمود کاوانی کوری علی کوری یوسف لەگوندی کاوانیان هاتوتە دونیاوە لەپێش دەست پێ کردنی شورشدا هەمیشە پشت گیری جوتیاری کردوە لە کیشەیاندا لەگەل خاوەن زەوی لەسالی ١٩٥٩ لەسەر ئەوەی پشت گیری جوتیارەکانی گوندی خۆرانی کرد دژی ئاغاکان میری گرتیو بەدەست بەسەری ناردیە [ناصریە] پاش ماوەیەك گەراوە ناوچەکەی خوی، بەلام لەبەر ئەوەی ملی کەچ نەکرد بۆ ئاغاو زوردار لە ترسی گرتنی بەچەند مانگێك لە پێش شورشدا چەکی هەلگرتو پەنای بردە بەر چیاکانی کوردستان لەگەل دەست پێ کردنی شورش بو بە یەکێك لەسەر بازە گیان فداکانی، بەناو بانگترین شەرێك کە لە ئەفسانە دەچێتو تیدا سەرکەوت شەری زینوی حافظو بەرسرینە لە ناوچەی بالەك کە یەك سریە سەربازی دامەزراوی لەناو رەبایا هەلکەندو گرتی بەسەربازو ئەفسەرەوە.

لەرۆژی ٩/٦/ ٩٦٢ بەهوی بوردمانی فروکەوە بریندار کراو لەسەعات سێ ی بەیانی رۆژی ١٩/حزیران ٩٦٢ دلی گەورەی لەکار وەستاو گیانی پاکی بە خاکی کوردستان سپارد.

هەزارن سلاو بو گیانی پاکیشەهید محمود کاوانیو هەمو شەهیدانی ریکەی رزگاری کوردستان.

مردنوسەر شوری بو خائنانو دوژمنانی شورشو نەتەوەی کورد.

---

٨ ئەیلولی
روژی بەربەرەکانی نەخوێندەواری

رۆژی هەشتی ئەیلول لەلایەن کومەلوریکخراوەکانی زانستی جیهان وەبەتایبەتی ئەوانەی کە پەیوەندیان بەکومەلی نەتەوەیەکگرتوەکانەوە هەیە هەروەها هەمو گەلانی جیهان بە رۆژی بەربەرەکانی نەخوێندەواری دانراوە وەبەم بونەیەوە ئاهەنگو کوبونەوەو دووانی زۆر لەسەر ئەم باسە دەکرێت لە هەمو لایەك.

بەنسبەت میللەتی کوردمانەوەئەگەرچی ئیمرو بەهوی شەرری رەگەز پەرستی دوژمنەوە تارادەیەکی زۆر بێ بەش کراوە لە خوێندەواریو زانیاریو قوتابخانەکانی بەهوی شەررە وە ویران کراوەو زمانی زگماکی خۆی لێ قەدەغەیە.

لەم رۆژەدا هاوبەشی لەگەل هەموگەلانو ریکخراوانی جیهان دەکاتو هەول ئەدات بەم بونەوەیە، کە هەرچەند لە توانادا بێت نەخوێندەواری بەربەرەکانی بکرێت لە کوردستاندا وە میللەتەکەمان لەتاریکی نەزانین رزگار بکات.

دیسان لەم رۆژەدا ئێمەداوا لە کاربەدەستانی بەغدا ئەکەین کە دەست هەلگرن لە سیاسەتی دوژمنانە بە میللەتەکەمان لەم رووەوەو مەکتەبەکانی کوردستان هەموی بکەنەوەو یارمەتی رۆلەکانی میللەتەکەمان بدەن کە بەزمانی خویان فێری خوێندەواری بین کەمافێکی زۆر سەرەتایی هەمو مروڤێکە لە دنیادا.

دیسان بەم بونەیەوە داوا لە یونیسکو وە هەمو ریکخراوە زانستیەکانی تری جیهان ئەکەین کە یارمەتی شورشەکەمانوەبەتایبەتی بەشی بەربەرەکانی نەخوێندەواری بدەن بو ئەوەی بتوانین وەك پێویست ئێمەیش بەشداری ئەم خزمەتە گرنگەبین وە گەلەکەمان سۆدی لێ وەربگرێت بو نەهێشتنی نەزانیو نەخوێندەواری.

چیرۆکی ژمارە

پەشیمانی سەرەمەرگ

ماموستای مل باریك هەستایە سەرپێ‌و چاویکی بە حەشاماتی بەردەمیا گیرا کە لەسەر زەوی دانیشتبون‌و چاویان بریبوە دەمی ، بە یەکدو کۆکە قوڕگی پاك کردوەو وتی :

« براکانم ـ تیکۆشانی بەتینی حزبایەتیمان لەگەڵ یارمەتی‌و پشتیوانی حکومەتی نیشتمانی‌دا کاریکی کرد ، چەند روژیکی‌تر لەبادینانەوە هەتا بەمۆ یەك پیشمەرگەی بارزانی تیا نامینێ‌و هەمو شیمال ئەکەویتە دەست خومان !!. ئەو ناوچانەی ئەیانگرین زۆرەو ئیمەیش کەمین ، ناچارین سەرپەلەکانمان بکەینە باشچاوەش‌و سەرلق بەزابت‌و ئەوانی زلتر یەکی مستیك ئەستیرەی زەردو سپی بەسەر شانی چۆخەکانیانا دا ئەدرون !. عیراق خوش ئەبیتەوە ، مەعاش ، پارە ، ئیسراحەت ... ناوی کوردو عەرەب نامینێ ، هەمومان عیراقین‌و خۆمان بۆ عیراق بەکوشت‌ئەدەین . جا بۆ ئەم مەبەستە چەکدارەکانمان ئەکەین بە سێ کوتەوە ، بەشیکی ئەنیرینە سەرەوە بۆ لای دلسوزیکی‌خومان غازی حاجی مەلو کەخەریکی راپەڕینەو بەیەك شاڵاو هەمو بادینان داگیر ئەکا ... لە هەولێر یەك فیرقەی جەیش‌و دوهەزار لە برا فورسانەکانمان لەسەرپێ وەستاون ، هەر بلین دەی ، هەتا سەری سەفین‌و لوتکەی هەندرین‌و هەلگورد ناوەستنەوە. ئیمەیش بەشی زۆرمان لە کەلارو چەمچەماڵەوە بۆ ئیرەو لەم کەمپەوە هەڵ ئەکوتینە سەر قەرەداغ‌و سەر ئەکەوینە سەر بەمۆ .. جا کە سەری ئەم یاخی‌بوانە پان کرایەوە ئاو ئەکرێ بە ئاگراو حزبەکەمان حکومەت رێ‌ی ئەدا لە هەمو شارەکانی شیمالا مەقەر دابنێ . » !

دوای ئەم وتارە ماموستا بە دەستەسڕ کەفی لالناوەو ئارەقەی ناوچاوانی سڕیەوەو سەیریکی ئەو ئەفسەرە ورگنەی کرد کە لەتەنیشتیەوە دانیشتبو، ئەویش دەستیکی کیشا بە پشتیاو زەردەخەنەییکی پانی بۆکرد . یەکدو زرتە بۆزی چارە تاوانبار لەپشت ماموستاوە وەستابون کردیانە چەپلە ریزان‌و دانیشتوانیش لەگەڵ ئەوانا کەوتنە چەپلە کوتان .

لەناو دانیشتوانا کولەباڵ‌لەبەریکی جامانە لار دەستی ییکی قوڵ دا کولەباڵ لەبەریك کەوتوە ، لای چەپی لە هەڵبری ، ماموستا بە روخوشی وتی (فەرمو کاکە مچە)، مچە وتی (ماموستا هەرچی فەرموت زۆر جوانە بەڵام نازانم بۆچی نە ناوی کوردستانت هیناو نە باسی کوردایەتیت کرد ؟) .

پیش ئەوەی ماموستا وەڵام بداتەوە ئەفسەرەکە تێ‌ی وەژاندو چپەییکیان کرد ، ئەمجا وتی ـ کاکی خۆم چەند جار وتومانە ئەم ووشەیە بۆتە مۆی ئاژاوە، کوردستان یا شیمال فەرقی چیە ، ئایا بەم جیایە بلیین شاخی گۆیژە یا جەبەل کویجە هیچ ئەگۆڕێ ؟ ئیمە ئەمانەوێ بژین‌و حکومەتی نیشتمانی چاوی لیمانەوە بێ ، تازە بگەڕێینەوە سەر کوردایەتی ؟ ئیمە قۆناخی نەتەوایەتیمان تەواو کردو گەیشتینە ئومەمی ، حزبە ئازاکەی ئیمە کوردو عەرەبی لەلا نیە ، ئەمانەوێ رابویرین‌و گیرفانمان پڕ بێ .. تۆ ئەگەر برسی بوی هەتا ئیوارە بلێ‌ی کوردو کوردستان، ورگت تێر نابێ . ئیمە بەرەو سوشیالیستی ئەچین !

ـ ئەی گوایا ئیمە کوردایەتی ناکەین ؟

ـ کۆرە کوردایەتیمان کردو لێ بوینەوە، ئیستا شتیك ئەکەین مەلایی‌یەکان بەسەد سالی تر نایگەنێ.. کاکەمچە ئیوارە لەقیادە بچو بۆ لای جەنابی رائد ع .. ئیشی‌پیتە.

بەم جۆرە کۆ بونەوە سیاسی‌یەکەی کەمپی بەکرەجوو وتارە حزبی (!!) یەکەی ماموستا ح .. دوایی‌هات.

* * *

دمەو ئیوارەییکی تاڵ‌و مۆن لە روژە گرژەکانی ناوەراستی نیسانی ئەمساڵ، زریانیکی سارد گفەی‌ئەهات‌و تاوتاوە رێژنە بارانیکی بەتین ئاورشینی ئەکردو زو ئەگیرسایەوە ، هەورە رەش‌و ئاوهەلگرەکان سکیان ئەیا‌ ندۆتە زەوی ، بروسکە پەیتاپەیتا کانی سەری سەفین‌و بە دوایانا شریخەی تریشقە تیکەڵ بەگرمەی ئەو تۆپی قورس‌و دۆشکەو شەست تیرانەی بەتیکرایی ئەتەقنەوەو هاژەو گیزەی تاکوتەرای تفەنگ‌و کلاشینکوف سەمفۆنییکی بە سامی مەرگی لەو دەشتە پان‌و بەرینە ـ دەشتی هەولێر ـ دا بڵاو ئەکردەوە .

لە بەر دەمی گوندی بیستانەی بچوك لەناو جۆگا-

قوڕی ناو جۆگا چەقیوەو سەرسنگی نزیك شـانی ڕاستی وەك کوترەکانی دەمەو بەهار لەگەل هەناسە دانیا خوێنێکی گەش فیچقە ئەکاتو بەسەر پەڕۆ زەردە چلکنەکەی ملیا دێتە خوارو قوڕی جوگاکە سور ئەکات ، هەناسەی سستو ڕەنگی سپی هەلگەڕاوی نیشانەی دوا هەناسەیەتی.

خاکی لەبەرێکی تر لەولاوە لەناو قوڕا چۆکی داداوەو چەناگەی خستوتە سەر قۆنداخی تفەنگەکەو جار جار تەقەیێکی بێ ئامانج ئەکاتو ئاوڕێك لە بریندارەکە ئەداتەوە.. یەکدو جار بانگی کرد وەلامی نەبو ، بە شلەژاوی تفەنگەکەی داناو سەری داتەواند بە ماتەمـات خۆی خزاندە لایەوە ، دەستێکی تێوەژەند : کاکە مجە ، کاکە مجە ... بەلام لە لرخەیێك زیاتری نەبیست ، خێرا باوەشی پیاکردو سەری خستە سەر کۆشیو بە قوڵپی گریانەوە کەوتە دواندنی ـ مجە گیان، برا شیرینەکەم، توخوا چاو بکەرەوەو بمدوێنە !. بریندارەکە وەکو زۆر لە خۆی بکا نەختێ جولایەوەو چاوی کردەوە بەدەنگێك ئەتوت لەچالاوێکی قولەوە دێتە دەر وتی: ئاو .. کابرا چاوی بە دەورو پشتی خۆیا گێڕاو بێ ئەوەی بیزوێ لە قولکەیێکی تەنیشتی خۆیەوە چۆڕێك لە ئاوە لیلەکەی بارانی بە لالەوێچ هەلگرتو کردی بە دەمیـەوە .. ئەو قوڕاوە بریندارەکەی بوژاندەوە ، دەستی هێنا توندەدەستی هاوڕێکەی گرتو پرسی ـ ئەحە گیان،شەڕ گەیشتە کوێ؟

ـ شەڕ کزبوە ، ئەم عەسکەرە نامەردانە ناوێرن لە پەنای تانكو زرێپۆشەکانیان دور کەونەوە، هەمۆ گەڕانەوەو جاشیش ڕایان کرد ، بەس تۆپ ئیش ئەکا ، تۆزێکی تر تاریك دابێ ئەتدەم بە کولماو دەربازت ئەکەم.. گوێ مەدەرێ کاکە مجە گیان چونکو لە پیناوی کوردستانایە هەرچیمان بەسەر بێ خۆشەو شەرەفە . مجـە دوا گوڕی خوی خستە کارو چاوە دەرپەڕیوەکانی بڕیـە چاوی ئەحەو بە دەنگی پچڕپچڕ وتی :

ـ نە .. نەبەخوا لە پیناوی کوردستانا نیە .... ئێمە جاشین .. بەکرێ گیراوین ... لەپیناوی دوژمنی گەلەکەمانا بە ڕورەشیو ڕەنجەڕۆیی ئەتۆپین !

ئەحە وایزانی وڕێنە ئەکا ، خەریك بو قسەکەی پێ ببڕێ ، مجە نەیهێشتو درێژەی دایە :

ـ ڕاوەستە ، با تێت بگەیێنم .. لەبیرتە ئەو ڕۆژەی ماموستا (ح...) وتاری داو من وتم بۆچی نـاوی کوردستان ناهێنی ؟.. هەر ئەو ڕوژە زابتی ئیستخبارات بانگی کردمو هەڕەشەی کرد ... ئیتر تێگەیشتم کە بەراستی جاشین .. کاتێکم زانی دایان نام بۆ هەولێر کە لە پیناوی خوێنی حەنەشـا خۆم بدەم بە کوشـت ... پیم خوش بو چونکو بەهیوا بوم دەرفەتم دەست کەوێو بکەمەوە ناو برا پیشمەرگەکانم .. بەلام چی بکەم گوللەی ئەجەل گلانەمی .. ڕاوەستە ... قسـە مەکە .. با هەتا هێزم تیا ماوە هەمو شتێکت پێ بلیم.. من پەکم کەوتوە.. ناگەمە سەعاتێکی تر .. تۆ ساخی .. کوری چاکی ... تۆیش وەکو من خەلەتاوی .. ئائیستا پیشمەرگە بکاتە سەرت بە گوللە داتبێژن تەقە نەکەی ... تەقە لە پیشمەرگە کردن تەقە لەکوردە.. لەکوردستانە .. لە شەرەفو ناموسو پیاوەتی یە ... هەستە ... تازە من کەلاکم ... ناگەمە شەو... کلاشینکوفەو چواردە خۆرەکەی منو.. تفەنگەکەی خۆت هەلگرەو بچورەوە ناو براکانمان... باسی منیان بۆ بکە .. بلێ ئەو خەلەتاوەی دەسخەڕۆیە لە سەرەمەرگا پەشیمان بۆوە ... با بێن بە دەستە پاکەکانیان تەرمەکەم هەلگرنو بمشـارنەوە ... بلێ ... بلێ خیانەتم کرد ، بەلام ... بەخوا لە گیانەلادا پەشیمان بومەوە ... کوڕە بەقوربانی ئەو دەستە بم گوللەکەی سەر سنگمی سمی ... لەژینی شـەرمەزاری ڕزگاری کردم ... ئای چەند بەئاواتەوە بـوم ، جارێکی تریش بگەڕێمەوە ریزیان ... لەگەلیانا بچمە سـەنگەرەوە ... شان بەشانیان هەلمەت بەرمە سەردوژمن.. بەلام..ئۆف...

ئەم قسـانە پەژارەی ئەحەی جولاند ، خەمی سەرپەلە دلّ پاکەکەیو داخی ئەو کلولیەی تێی کەوتـون ، ڕێژنەی فرمیسکو هەنیسکی بەکولّ ، هەناوی وەکو مەشکە ئەهەژاند ، ماوەیێکی باش گریاو فرمیسکی ڕشت، کاتێ پەژارەی نیشتەوە ، بە پەنجە قوڕاوی یەکانی چاوی سڕی یەوەو سەیرێکی مجەی کرد کە چاوی بە مۆلەق وەستاوەو ڕەق بوە ، ترسێکی بەسامی لێ نیشـت ، ڕای وەشاند ، بانگی کرد ، بێسود بو .. زانی مجە نەماوە ، دەستی کرد بە گریانو باوکەڕۆو ماچکردنی ناوچاوانی ساردی هاوالە مردوەکەی !!

لای خوارەوەی ئاسمان لە چەند لایێکەوە کونی تێ کەوتبو ، یەکدو ئەستێرەی سەرما بردەلە تازە دەرکەوتبون جریوەیان ئەهات... تەقە کز ببوو تەواو دور کەوتبۆوە ، ناوبەناو تۆپێکی جەیش گرمەی ئەهاتو چیا دورەکان دەنگیان ئەدایەوە .. ئەحەی کلولّ بۆ دوامین جار بەچاو مالاوایی لە تەرمی هەوالەکەی کرد ، برنەوەکەی خوی کردبوە شـانیو کلاشینکوفی مجـەی بەدەستەوە گرتبوو دەمانچەکەی بەستبو ، سەری داخستو وەکو مرۆڤێکی دەسکرد بۆ پێشەوە ڕووەو سـەنگەری پیشمەرگەکانی کوردستان ملی نا .

گوشه‌ی خلافان :

وادیاره زوربه‌ی خوێنه‌ران مه‌ته‌ڵی ژماره‌ی پێشویان پێ خوش بوه‌و خۆیان پێوه خه‌ریك كردوه ، ئه‌م جۆره مه‌ته‌ڵانه ئه‌مرۆ باوی روژه‌و كه‌متر گوڤاری عه‌ره‌بی ، فارسی ، یا زمانیكی‌تر ئه‌بینی ئه‌م بابه‌ته‌ی تیا نه‌بێ .

ئیمه‌یش بو ئه‌وه‌ی داخوازی هه‌ندیك له خوینه‌رانمان بهینینه جێ‌و هه‌ندیكی تریان فێری ئه‌م جوره خلافانـه به كه‌لكه بكه‌ین له‌سه‌ری ئه‌دڕێین‌و ره‌نگه له داهاتوا پاداشتیكیشی بۆ ته‌رخان بكه‌ین .

دیراوی ئه‌مجاره‌مان

٧	٦	٥	٤	٣	٢	١	
			×				١
	×				×		٢
		×		×			٣
×						×	٤
		×		×			٥
	×				×		٦
			×				٧

ئاسویی :

١ـ چه‌كی قورس ـ كه‌ره‌سه‌ی جوتیار .
٢ـ ئه‌ندامیكی له‌شه له‌ناوه‌وه .
٣ـ كه‌ساس ـ مێرد .
٤ـ له ناوچه ئازادكراوه‌كانی كوردستان .
٥ـ خاك ـ هاواری ئازار ؟
٦ـ روگرژ .
٧ـ ئیش ـ داعبای ژه‌هراوی .

ئه‌ستونی :

١ـ ته‌نیا ـ حۆڵ .
٢ـ ئه‌بێ بمالرێ .
٣ـ زمانی ئه‌یگرێ ـ قسه‌كه‌ر به‌خۆی ئه‌ڵێ .
٤ـ له‌كلاشه‌وه تائه‌گاته جزمه .
٥ـ گرنگترین ئه‌ندامی له‌ش ـ دوباره كردنه‌وه‌ی بارانیكی ورده .
٦ـ بو به‌چه‌ند پارچه .
٧ـ میوه‌ی به‌هه‌شت ـ هه‌تاو .

هه‌لهینانی مه‌ته‌ڵی پیشو

ئاسویی :

١ـ پسا ـ خدر .
٢ـ شویت ـ آو .
٣ـ سه‌فین .
٤ـ ختوكه .
٥ـ گۆران .
٦ـ ئاش ـ وه‌رز .
٧ـ زێپ ـ ئێر .

ئه‌ستونی :

١ـ پشت ـ گاز .
٢ـ سو ـ خۆشی .
٣ـ ئیستر .
٤ـ ته‌واو .
٥ـ فكنه‌ت (تفه‌نگه) .
٦ـ دایه ـ رێ .
٧ـ رون ـ بزر .

پاشماوەی ـ شورشی ٧ سالەمان

فیداکار بو خاك‌و نەتەوەکەیان ، ئەوەتا ئیمرو پاش چەند سال شورش وەلەگەل ئەوهەمو گیروگرفت‌و کوسپ‌و هیرشە نارەوایەی کە دوژمن‌و نوکەرەکانی دژی شۆرشیان کردوە وەهەمو جورە چەکیکی تیدا بەکارهانوە .

قەوارەیەکی نەتەوایەتی لەسەرانسەری کوردستانی عیراقدا چەسپاوە کە تەنانەت لە عیراق‌و دەرەوەی عیراقیش وەکو راستیەك ناسراوەو حسابی بو ئەکریت .

ئیستاش لەم کاتەدا کەحکومەتی تازەی بەغدا ئەیەویت بە فروفیلو پارەو بەهوی بەکار هینانی تاقمە خائنەکەی تالەبانی‌و جاشە کونەکانەوە پیلانە گلاوەکانی کە بە خەیالی خاوی بو لەناوبردنی شورش نەخشەیان بو کیشاوە جی‌بەجی بکات ، بەغدا ئەیەویت پشت بکاتە سەرکردایەتی شۆرش بی‌ئەوەی مەسەلەکە حەل بکات ، بەلام بێ گومان ئیستا زۆر روشن‌و ئاشکرایە کە هەر رژیمێك بە دلسوزی‌یەوە نەیەوێت مەسەلەی کورد جی‌بەجی بکات بەشی لە ناو چۆنە .

لەم رۆژەدا کە هەمومان یادی‌دەست پی‌کردنی شۆرش ئەکەینەوەو سلاوی گەرمی پر شانازی لە گیانی شەهیدە قارەمانەکانمان ئەکەین پێویستیەکی مێژوویی لە سەر شانمانە بەتایبەتی لەم پلەیەدا ئەویش یەکگرتن‌و خەباتی هاوبەشی هەمولایەکە بو سەرکەوتنی شورشەکەمان .

فرمانی سەرشانی سەرکردایەتی شۆرشیش لەم کاتەدا ئەوەیە کە هەمو توانای سەرف بکات بو بەهێز کردنی سوپای‌شۆرشگێری کوردستان وە بەرز کردنەوەی ئاستی هوشیاری‌و پلەی ژیانی پیشمەرگە قارەمانەکان کە بەراستی بونەتە قەلغانیك بو پاراستنی میللەت‌و وولاتەکەمان لە داگیرکەران‌و نوکەرەکانیان، جگە لەم‌پێویستیە لەسەر شۆرشەکەمان‌و بەتایبەتی هەمو لی‌پرسراوانی بەبێ دریغی کردن فەرمانی بنچینەییان بکەن بەخزمەت کردنی میللەت‌و هەولدان بو ئەوەی زیاتر لە دەوری ئالای شۆرش کۆیان بکەنەوەو رەگی جولانەوە شۆرشگێریەکەمانیان لەناودا بچەسپێت‌و فراوانتر بێت چونکە پالپشتی میللەت مەرجەبو سەرکەوتنمان لە هەمو رویەکەوە .

ئێمە بەم بونەیەوە پیروزبایی لەهەمو برا پێشمەرگە قارەمانەکان‌و هەمو رۆلەکانی گەلی کوردمان دەکەینەوە کە لەسەر رێگای راستی کوردایەتیمان بەردەوام بین‌و تێ بکوشین بوئەوەی گەلەکەمان بەئامانجەکانی بکات‌و ژیانیکی پرر سەربەستی‌و ئاشتی بالی بکیشیت بەسەر کوردستاندا لە چوارچیوەی رژیمێکی نیشتمانی دیموکراتی لە عیراقدا .

بژی یادی تێ‌پەربونی حەوت سال بەسەر شۆرشە مەزنەکەماندا . سەرکەوتوبێت شۆرشەکەمان بەرابەرایەتی پارتیمان‌و سەروکی قارەمانی بارزانی .

سەربەرزی‌و نەمری بو شەهیدە قارەمانەکان .

پاشماوەی ـ وتاری مەکتەبی سیاسی

هیزە نیشتمانیەکانی عیراق بو چەسپاندن‌و سەرکەوتنی شورشەکەمان‌و هینانەدی دواروژیکی پرر لەخوشی‌و ئاشتی بو گەلی کوردستان لە چوارچیوەی عیراقیکی پیش‌کەوتوی پرر لە ئاسایشدا .

☆ بژی یادی ١٦ ئاب روژی دامەزراندنی پارتیە نەبەزەکەمان .

☆ سەرکەوتو بێت شورشەکەمان بە رابەرایەتی پارتی‌و سەروکی قارەمانی مصطفی بارزانی .

☆ سەربەرزی‌و نەمری بو شەهیدە قارەمانەکانی گەلەکەمان .

☆ سەر شوری‌و مردن بو دوژمنانی نەتەوەکەمان هەتا هەتایە .

* * * * *